
# ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لەسەر کوژرانی لانی کەم ١٣٤ هاووڵاتی لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا




## شرۆڤەیەکی کورت لەسەر گیانبەختکراوامی شۆڕشی ژینا بەپێی ڕێککەوتنی گیان لەدەست دان

### ٢٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢ (١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢)

١- **موحسین محەممەدی**، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی دیواندەرە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بریندارکرا و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەیەک لە شاری سنە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

٢- **ڕەزا لوتفی**، لاوی تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی دێولان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**٣- فەرەیدوون مەحموودی**، لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی سەقز، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ئەم هاووڵاتییە بە چەکی ساچمەیی و کلاشینکۆف پێکرابوو. ناوبراو خێزاندار و باوکی منداڵێک بوو.

**٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٢ (٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢)**

**٤- زەکەریا خەیال**، تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی پیرانشار لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە سەری کرایە ئەمانج و ڕاستەوخۆ گیانی لەدەست دا.

**٥- فەرجاد دەروێشی**، لاوی تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی گوندی باڵوو سەر بە شاری ئورمیە لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی لە شەقامی وەلیعەسری ئەم شارە، بەشی ورگ، دڵ و سینگی بەر گوللەی ساچمەیی هێزەکانی دژە شۆڕش کەوت و لە کاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا. ناوبراو سەڵت بوو.

**٦- مینوو مەجیدی**، تەمەن ٦٢ ساڵ، پێڕەوی ئایینی یارسان و خەڵکی قەسری شیرین و دانیشتووی شاری کرماشان بوو. ناوبراو لە جووتسایدی وەحدەتی کرماشان لە پشتەوە لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە تەقەی لێکرا و گیانی لەدەست دا. بە پێی ڕاپۆرتیی پزیشکی یاسایی ١٦٧ ساچمە بەر لەشی ناوبراو کەوتووە. مینوو مەجیدی خێزاندار و دایکی سێ منداڵ بوو.

**٧- ڕەزا شەهپەرنیا**، لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی کرماشان، لەلایەن هێزە تایبەتەکانەوە (یگان ویژە) بە چەکی ساچمەیی لە بەشی سەر، دەموچاو و سینگ پێکرا و زیاتر لە ١٠٠ گووللەی ساچمەیی بەرکەوت و گیانی لەدەست دا. ناوبراو سەڵت بوو و ساڵێک پێشتر خزمەتی زۆرەملێی سەربازی تەواو کردبوو.

**٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢)**

**٨- فواد قەدیمی**. تەمەن ٣٩ ساڵ و باوکی دوو منداڵ کە لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری دیواندەرە بەشی ورگ و دەستی بە چەکی کلاشینکۆف لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە پێکرا و بە بەسختی بریندارکرا. سێ ڕۆژ دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری سنە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**٩- ئەمین مەعرەفەت،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی شنۆ لە نزیک چوارڕێیانی "سەید ئاوا" بەشی سینگ و دڵی کرایە ئامانجی گوللەی هێزە سەرکوتکارەکانی سوپای پاسداران و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

**١٠- دانش ڕەهنما،** لاوی تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی گوندی باڵوو سەر بە ئورمیە، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی فەرجاد دەرویشی لەم گوندە، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەسیج کوژرا.

**١١- سەدرەدین لیتانی،** لاوی تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی شنۆ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە نزیک چوارڕێیانی "سەیداوێ" کرایە ئامانجی هێزەکانی سوپای پاسداران و گوللە بەر سەر و سینگی کەوت و ڕاستەوخۆ گیانی لەدەست دا. ناوبراو سەڵت بوو.

**١٢- میلان حەقیقی،** لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و لەدایکبووی شاری گۆتنبێرگی سوید، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری شنۆ لە نزیک چوارڕێیانی "سەیداوێ" بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران پێکرا سێ گوللەی چەکی کلاشینکۆف بەر شان و ڕانی کەوت و گیانی لەدەست دا.

**١٣- عەبدوڵڵا محەممەدپوور،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی گوندی باڵوو سەر بە ئورمیە، دوای ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی فەرجاد دەروێشی لەم گوندە و لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ بەتەقی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەسیج کوژرا.

**١٤- سەعید محەممەدی،** لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران گیانی لەدەست دا. ناوبراو سەڵت بوو.

**١٥- ئەمیر فوولادی،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا.

**١٦- ئیمان محەممودی،** لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا. ناوبراو سەڵت بوو.

**١٧- موحسین قەیسەری،** لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی ئیلام لە بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە مەودایەکی نزیکەوە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە تایبەتەکان (یگان ویژە) کوژرا. ناوبراو سەڵت بوو و گوللە بەر سەر سینگی کەوتبوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**١٨- عەلیڕەزا فەتحی**؛ لاوی تەمەن ٢٢ساڵ و خەڵکی سونقوڕ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری قەزوین لەدژی کوژرانی ژینا ئەمینی، لە شەقامی سەنعەتی ئەلوەند کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت، سکی پێکرا و گیانی لەدەست دا.

**١٩- ئەمیر حوسێن بەساتی**؛ مێرمنداڵی تەمەن ١٥ ساڵ و خەڵکی کرماشان. لە شەقامی مامۆستا (مدرس)ی ئەم شارە لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە تایبەتەکان (یگان ویژە) کوژرا. ناوبراو زیاتر لە ٧٠ گوللەی ساچمەیی بەر پشتی کەوتبوو. بنەماڵەی ئەم مێرمنداڵە دوای ٨ ڕۆژ توانیبوویان تەرمی کوڕەکەیان لە نەخۆشخانەی تالقانی وەربگرنەوە و لە گوندی دارخور حەسەن ئاباد ئەسپەردەی بکەن.

**٢٠- عەلی موزەفەر سالانقوچ**؛ مێرمنداڵی تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی قوچان و یاریزانی تیمی والیباڵی مێرمندالانی سایپای تاران، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە، کەوتە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت و گولله بەر بەشی سکی کەوت و کوژرا. تەرمی ناوبراو دوای ٤ ڕۆژ و لە بەرانبەر ٥٠ ملیۆن تمەن بە بنەماڵەکەی ڕادەستکرایەوە.

**٢١- ڕۆژبێ خادمیان**؛ لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی سونقوڕ لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ناوچەی فەردیس لە شاری کەرەج لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە کوژرا. ئەم لاوە لە مەودایەکی نزیکەوە بەشی کەمەر و شانی کرابووە ئامانج و ٤ گوللەی بەرکەوتبوو.

**٢٢- محەممەد زارعی**؛ لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سونقوڕ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی گەڕەکی باقراوای ی شاری قرچک ورامین لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی بریندداربوو و لەکاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

**٢٣- مەهدی بەبرنژاد**؛ لاوی تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی شاری قوچان سەر بە پارێزگای خوراسان ڕەزوی، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی برینداركرا. ناوبراو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە و بەهۆی درەنگ گواستنەوەی بۆ ژووری نەشتەرگەری گیانی لەدەست دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٤- عیرفان خەزایی، لاوی تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی کەنگەڤەر، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شەهریاری کەرەج کەوتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و سەری پێکرا، دەست بەجێ گیانی لەدەست دا.

**٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢)**

٢٥- عەبدولسەلام قادر گەڵوان، خەڵکی شنۆ لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شەوی چوارشەممە ٣٠ی خەرمانان لە نزیک چوارڕێیانی سەیداوای ئەم شارە لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی بریندار بوو. دوای تێپەڕاندنی ٦ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی خومەینی شاری ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

**٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٢)**

٢٦- سەمەد بەرگی نیا، هاوڵاتیی تەمەن ٥٢ ساڵ و خەڵکی پیرانشار کە شەوی سێشەممە ٢٩ی خەرمانان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بە سەختی برینداکرابوو، لە نەخۆشخانەی خومەینی ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو ٥٢ گوللەی ساچمەیی بەر دەموچاوی کەوتبوو، بەڵام پزیشکی یاسایی ڕایگەیاندبوو کە سەمەد بەرگی نیا بەهۆی بەرکەوتنی تەنی قورس بە سەری گیانی لەدەست داوە. شیاوی ئاماژە پێکرانە کە ناوبراو دوای برینداکرانی، کەوتبووە بەر لێدان و کووتانی هێزەکانی حکوومەت.

**شەممە ٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

٢٧- موختار ئەحمەدی، لاوی تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی مەریوان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژراو و کاتژمێر ٢ی بەرەبەیان لە ژێر گووشاری ناوەندە ئەمنییەکان و بە ئامادەبوونی کەمتر لە ٢٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵە و خزم و کەسوکارەکەی تەرمی ناوبراو ئەسپەردە کرا. ناوبراو خەریکی کاری دەستفرۆشی بووکەشووشە لە شەقامەکان بوو و لەم ڕێگاوە بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین دەکرد.

**١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

٢٨- نیما شەفیق دوست، مێرمنداڵی تەمەن ١٧ ساڵ و خەڵکی سەڵماس کە لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئورمیە لە شەوی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣٠ی خەرمانان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت لاقی بریندار بووبوو، دوای ١٢ ڕۆژ بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا. ئەم مێرمنداڵە لە دوای برینداربوونی لە ترسی دەستبەسەرکرانی بۆ نەخۆشخانە نەگواسترابووەوە و ڕۆژی ١٢ی ڕەزبەر کاتژمێرێک دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە بەهۆی هەوکردنی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

## ١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)

**٢٩- داریوش عەلیزادە**؛ تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی سنە، لە نزیکی تەپەی بەهارستانی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەتی، کەمەر و ڕانی پێکرا و بە سەختی بریندار بوو. ناوبراو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی بەعسەت بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی حکوومەت ناوبراویان بە برینداری داوەتەوە بەر لێدان و کووتان.

**٣٠- پەیمان مینبەری**؛ هاووڵاتیی تەمەن ٢٥ ساڵ، خەڵکی گوندی نییەر و دانیشتووی شاری سنە، لە نزیک پردی مەردۆخ بە دەمانچەی کۆڵت لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە کرایە ئامانج. ناوبراو لە پشتەوە گوللەی بەرکەوتبوو بە شێوەیەک کە گوللەکە لە سینگییەوە هاتبووە دەر. لە وەفاتنامەی پەیمان مینبەریدا هۆکاری مردنەکەی بە بەرکەوتنی بە تەنی قورس یان تیژ نووسراوە.

**٣١- محەممەد ئەمینی**؛ لاوی خەڵکی گەڕەکی "تەفتەفان"ی شاری سنە، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا.

**٣٢- یەحیا ڕەحیمی**؛ کرێکاری تەمەن ٣١ ساڵ و خەڵکی سنە، لە شەقامی شەشی بەهمەنی ئەم شارە و لە کاتێکدا شۆفێری دەکرد، لە مەودایەکی نزیکەوە لەلایەن هێزە (لیباس شەخسییەکان) سەری کرایە ئامانج و ڕاستەوخۆ دوای پێکرانی بە گوللەی ئەم هێزانە گیانی لەدەست دا. لە وەفاتنامەی یەحیا ڕەحیمیدا هۆکاری مردنەکەی بەهۆی شکان و وردبوونی کەللەسەر و بەرکەوتنی شتێکی هاوێژراوی خێرا نووسراوە .

## ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)

**٣٣- ئیسماعیل دزوار**؛ تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی سەقز، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سوپاوە ڕفێندرا و دوای چەند



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاتژمێرێک لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. شیاوی ئاماژە پێدانە کە بنەماڵەی دزوار لە ژێر گووشاری ناوەندە ئەمنییەکاندا ناچارکرابوون کە لە پۆستێری ڕاگەیاندنی پرسەکەیدا هۆکاری مردنەکەی بە ڕووداوی هاتووچۆ بنووسن.

**١٨ی ڕەزبەری ۲۷۲۲ (١٠ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲)**

**٣٤- ئارین موریدی**، لاوی تەمەن ۲۲ ساڵ و خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی، شەوی یەکشەممە ١٧ی ڕەزبەر لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی برینداربوو و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەیەک لە شاری کرماشان بەهۆی سەختی برینەکەیەوەی گیانی لەدەست دا. ئەم لاوە سینگ و ملی بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت پێکرابوو .

**۲۰ی ڕەزبەری ۲۷۲۲ (١٢ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲)**

**٣٥- نارمین سەیادی**، لاوی تەمەن ١٨ ساڵ و خەڵکی کرماشان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە گەڕەکی دەرەدریژ بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکان سوپای پاسداران کوژرا. ئەم لاوە سینگ و کەلەکی بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت پێکرابوو.

**٣٦- سینا نادری**، لاوی تەمەن ۲۲ ساڵ و خەڵکی کرماشان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە و لە گەڕەکی دەرەدریژ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی سوپای پاسداران کوژرا. گوللە بەر سینگ و قۆڵی ئەم لاوە کەوتبوو.

**٣٧- عەزیز موورادی**، هاووڵاتیی خەڵکی سنە کاتژمێر ۲۲ی شەوی چوار شەممە ۲۰ی ڕەزبەر لە گەڕەکی نایسەری ئەم شارە کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت و ڕان و ورگی پێکرا. ناوبراو دوای گواستنەوەی بۆ ناوەندە دەرمانییەکان بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

**٣٨- کەماڵ فەقیهی**، هاووڵاتیی تەمەن ٤٦ ساڵ و خەڵکی بۆکان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە و لە کاتێکدا کە لەسەربانی ماڵەکەی لە گەڕەکی "حسار" ڕاوەستابوو، کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت و بەسەختی برینداربوو، ناوبراو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی "قۆلی پوور"ی ئەم شارە گیانی لەدەست دا. کەماڵ فەقیهی سەری کرابووە ئامانجی تەقەی هێزەکانی حکوومەت، بەڵام پزیشکی یاسایی هۆکاری مردنی ناوبراوی بە "بەرکەوتن بە تەنی سەخت"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاگەیاندووە.

**۳۹- محەممەد عەبدوڵڵاهی**، تەمەن ۳٦ ساڵ و خەڵکی ئیلام، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە، لەبەرانبەر بینایی فەرمانداری لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە دەستبەسەرکرا و دوای چەند کاتژمێرێک لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. ناوەندە ئەمنییەکان دوای ناچارکردنی باوکی ناوبراو بۆ پێدانی بەڵێنی نووسراو لە ڕاستای ڕاگەیاندنی هۆکاری گیان لەدەستدانی کوڕەکی بە مردنی سروشتی، تەرمەکەیان ڕادەست کردوونەتەوە.

**٤۰- نگین عەبدولمەلەکی**، لاوی تەمەن ۲۱ ساڵ و خوێندکاری بەشی پیشەیی زانکۆی هەمەدان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەهۆی لێدرانی باتۆم لەسەری لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ نووستنگە گیانی لەدەست دا. میدیاکانی سەر بە حکوومەت هۆکاری مردنی ئەم کچە خوێندکارەیان بە خواردنەوەی خواردنەوە کحولییەکان ڕاگەیاند و باوکیان ناچارکرد کە لە بەرامبەر کامێرادا هەواڵی کوژرانی کچەکەی لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە بە درۆ بخاتەوە.

**٤۱- سەید محەممەد حوسێنی**، لاوی خەڵکی سەقز لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی لە گەڕەکی کوهدەشت لە کاتێکدا لەبەرانبەر شکاندن و زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییان لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە نارەزایەتی دەربڕیبوو، ئۆتۆمبێلی دژە شۆڕش ناوبراوی کردبووە ژێرەوە و دوو جار بەسەریدا تێپەڕیبو، بەم شێوەیە ئەم لاوە دەستبەجێ گیانی لەدەست دابوو. لەژێر گووشاری ناوەندە ئەمنییەکان بنەماڵەکەی ناچاربوون هۆکاری مردنی ناوبراو لە پۆستێری ڕاگەیاندنی پرسەکەی بە ڕووداوی هاتووچۆ ڕابگەیێنن.

**۲۷ی ڕەزبەری ۲۷۲۲ (۱۹ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲)**

**٤۲- عەلیڕەزا حوسێنی**، هاووڵاتیی خەڵکی کرماشان و دانیشتووی تاران، لە کاتی هێرشی هێزە حکوومەتییەکان بۆ سەر ماڵەکەی بەمەبەستی دەستبەسەرکرانی ناوبراو بە تەقەی ڕاستەوخۆی ئەم هێزانە کوژرا. هێزەکانی حکوومەت بە گومانی بەشداری ناوبراو لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی تاران هێرشیان کردبووە سەر ماڵی کرێکاری ناوبراو و هاوڕێکانی.

**۲۸ی ڕەزبەری ۲۷۲۲ (۲۰ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲)**

**٤۳- ڕامین کەرەمی**، لاوی تەمەن ۳۱ ساڵ و خەڵکی سەرپێڵی زەهاو، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شەوی ۲۰ی ڕەزبەری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شاری کرماشان بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی بریندار کرا و دواتر بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ڕێکەوتی گیان لەدەستدانی ناوبراو دیار نییە. بەڵام ڕۆژی ٢٨ی ڕەزبەر هەواڵی مردنی ئەم لاوەیان بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاند .

**٢٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

٤٤- **ڕامین فەتحی**، هاووڵاتیی تەمەن ٤٧ ساڵ و خەڵکی سنە، تەنیا دوای ٩ ڕۆژ لە دەستبەسەرکرانی لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات لە شاری سنە لە ژێر ئەشکەنجەی ئەم ناوەندە ئەمنییە گیانی لەدەست دا. ناوبراو پێشتر لەگەڵ خوشک و برایەکی دەستبەسەرکرابوو و لەماوەی دەستبەسەرکرانیدا لە ژێر ئەشکەنجە و گووشاری ناوەندە ئەمنییەکان ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ لە دژی خۆی کرابوو.

**٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

٤٥- **محەممەد شەریعەتی**، لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی شاری موژژ و دانیشتووی سنە، لە نزیک کەمەربەندی ٢٥ی شاری سنە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو تەنیا منداڵی بنەماڵەکەی بوو.

٤٦- **سمکۆ (ئیسماعیل) مەولوودی**، تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە کاتژمێر ٢١ی شەو لە گەڕەکی "پشت تەپە" بە چەکی قەناسە لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە کرایە ئامانج و گوللە بەر کەلەکی کەوت. دوای گواستنەوەی ناوبراو بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا. ناوبراو خێزاندار و باوکی منداڵێک بوو.

٤٧- **ئەفشین ئاشام**، لاوی تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی گوندی سەرخەکی سنجابی و دانیشتووی گەڕەکی پالی ئاوای شاری قەسری شیرین، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە ئەنجامی دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت گوللە بەر سینگ و ورگی کەوت و کوژرا. سوپای نەبی ئەکرەمی کرماشان بۆ دانەوەی تەرمی ناوبراو بە بنەماڵەکەی داوای بڕی ٢٥٠ میلیۆن تمەنیان کردبوو.

٤٨- **کەیوان دەروێشی**، هاووڵاتیی تەمەن ٤٢ ساڵ و خەڵکی شاری سنە، لە گەڕەکەی کەمەربەندی شاری سنە بە چەکی ساچمەیی کرایە ئامانج و بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. لە وەفاتنامەی ناوبراودا هۆکاری گیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەدەستدانی بە جەڵتە تۆمارکراوە.

٤٩- **محەممەد لوتفوڵڵاهی؛** لاوی خەڵکی سنە، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە گەڕەکی نایسەر، کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت و بە سەختی برینداركرا. ناوبراو بە برینداری لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە دەستبەسەرکرا و لە کاتی گواستنەوەی بۆ دەستبەسەرگە لە ناو ئۆتۆمبێلی ئەم هێزانەدا دراوەتە بەر لێدان و کوتان هەر لەوێ گیانی لەدەست داوە. ئاسەواری شین بوونەوە و لێدان و شوێنەواری برینداری بەهۆی پێکرانی بە گوللەی هێزەکانی حکوومەت لەسەر جەستەی ناوبراو بەڕوونی دیاربووە.

٥٠- **ئیبراهیم میرزایی،** هاووڵاتیی تەمەن ٤٢ساڵ و خەڵکی شاری دێولان و دانیشتووی سنە، لە چوارڕێیانی عەباس ئاوا دوای فڕێدرانی گازی فرمێسک ڕێژ لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە، تووشی گرفتی هەناسەدان بووە و دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە گیانی لەدەست داوە.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢)

٥١- **زانیار ئەبووبەکری،** لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە نزیک گۆڕەپانی سیمۆرغ لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە بە چەکی کلاشینکۆف لە پشتەوە پێکرا و گوللەکە لە ورگییەوە دەرچووبوو، بەهۆیەوە خوێنهێنەری سەرەکی ناوبراو پچڕابوو. ئەم لاوە دەزگیراندار بوو.

٥٢- **کوبرا شێخ سەقا،** هاووڵاتیی تەمەن ٥٩ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە شەقامی مەلاجامی ئەم شارە لەئاکامی دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا.

٥٣- **شاهۆ خزری،** لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی مەهاباد دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی سمکۆ مەولوودی بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لێکرابوو.

٥٤- **فەرەیدوون فەرەجی،** لاوی تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی شاری سەقز، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری بانە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا. ناوبراو لە شاری بانە لە ڕێستۆرانێکدا کاری دەکرد و بە چەکی کلاشینکۆف لە پشتەسەرەوە لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە تەقەی لێکرابوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**-٥٥ سارینا ساعیدی**، مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی شاری سنە کە شەوی چوارشەممە ٤ی خەزەڵوەر لە گەڕەکی نایسەری سنە بەهۆی لێدانی باتۆم لەسەری لەلایەن هێزەکانی حکوومەت تووشی خوێنبەربوونی مێشکی بوو بوو. دوای یەک ڕۆژ خەواندنی لە نەخۆشخانەی تەوحید لە شاری سنە گیانی لەدەست دا. تەرمی ناوبراو بەشێوەیەکی نهێنی و هەر ئەو شەوە ئەسپەردە کرا. ناوەندە ئەمنییەکان باوکی سارینایان ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ لە ڕاستای بەدرۆ خستنەوەی هەواڵی مردنی کچەکەی لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی کرد.
شیاوی ئاماژە پێدانە کە فەرمانداری سنە هۆکاری مردنی سارینای بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەر ڕاگەیاندبوو، لە کاتێکدا لە وەفاتنامەی ئەم مێرمنداڵە هۆکاری مردنی ناوبراو بە نادیار تۆمارکراوە.

**-٥٦ موتەلیب سەعید پیرۆ**، خەڵکی بانە لە کاتێکدا کە لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدابوو، لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لێکرا و گیانی لەدەست دا. ناوبراو خەڵکی گوندی چۆمان سەر بە شاری بانە بوو و گوللە لە پشتەوە بەر شانی کەوتبوو و لە سینگییەوە دەرچووبوو.

**-٥٧ فریشتە ئەحمەدی**، تەمەن ٣٢ و ساڵی خەڵکی سەردەشت. ناوبراو دانیشتووی شاری مەهاباد بوو لە کاتێکدا لەسەربانی ماڵی خۆیان بوو، کەوتە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و سینگی پێکرا. دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. شیاوی ئاماژەپێدانە کە میدیاکانی سەر بە حکوومەت هۆکاری مردنی ناوبراویان بە دەستڕێژی گوللە لە ناو ماڵی خۆیانەوە ڕاگەیاندبوو. بانگەشەیەک کە دواتر لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەی فریشتە بەتوندی بەدرۆ خرایەوە.

**-٥٨ حەمید گوڵی**، هاووڵاتیی تەمەن ٤٦ ساڵ و خەڵکی سنە، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری تاران بەهۆی لێدرانی باتۆم لەسەر و دەموچاوی ناوبراو لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە گیانی لەدەست دا. لە وەفاتنامەی ئەم هاووڵاتییەدا هۆکاری مردنی ناوبراو بە بەرکەوتنی تەنی سەخت و خوێنبەربوونی مێشکی و شکانی کەلەسەر تۆمارکراوە.

**٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

**-٥٩ مەسعوود ئەحمەدزادە**، پزیشکی ددان، تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی خەزەڵوەری مەهاباد لە نزیک نۆرینگەکەی خۆی بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بەسەختی بریندارکرابوو. ناوبراو بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦٠- **داستان ڕەسووڵ محەممەد ناقا**، لاوی خەڵکی باشووری کوردستان کە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی هاوڕێکەی موتەلیب سەعید پیرۆ چووبووە بانە، لە نزیک سنوور لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە بە چەکی کلاشینکۆف سەری کرایە ئامانج و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

**٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

٦١- **سامان قادرپوور**، بەندکراوی پێشوو، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری تاران لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە دەستبەسەرکرا و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. ناوەندە حکوومەتییەکان هۆکاری مردنی ناوبراویان بە جەڵتەی دڵ ڕاگەیاندبوو، بەڵام مامی سامان کە چاوی بە تەرمەکەی کەوتبوو، ئاسەواری ئەشکەنجە، لێدان و شینبوونەوەی لەسەر جەستەی ناوبراو دیتبوو.

**٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)**

٦٢- **کۆمار دەرئۆفتادە**، مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی پیرانشار کە شەوی پێشتر لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە و لە نزیک گۆڕەپانی ئەوراز، لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە بە چەکی ساچمەیی کرایە ئامانج و بەسەختی بریندارکرابوو، لە نەخۆشخانەی خومەینی ئەم شارە گیانی لەدەست دا. شیاوی ئاماژەپێدانە کە هێزەکانی حکوومەت لە مەودای ٣ مەترییەوە تەقەیان لەم مێرمنداڵە کردبوو.

**١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

٦٣- **موئمن زەند کەریمی**، لاوی تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی شاری سنە، لە چوارڕێیانی گوڵشەنی ئەم شارە لە مەودای دوو مەترییەوە بە چەکی ساچمەیی لەلایەن هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەتەوە تەقەی لێکرا و لەکاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی تەوحید بەهۆی خوێنبەربوونی زۆرەوە گیانی لەدەست دا. شیاوی ئاماژە پێدانە کە ئەم لاوە دوای ئەوەیکە بریندارکرابوو، کەوتبووە بەر لێدانی هێزەکانی حکوومەت و چەندین جار بە ئەنقەست بە پێلاقە لەسەری درابوو.

**١٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

٦٤- **محەممەد ئەمین حەشمەتیان**، لاوی خەڵکی سونقوڕ لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی کەرەج بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. تەرمی ناوبراو لە گوندی "سنئلە" (زێدەکەی) ئەسپەردەکرا و ناوەندە حکوومەتییەکان گووشاریان بۆ سەر بنەماڵەکەی دروستکردبوو کە هۆکاری مردنی منداڵەکەیان بە خۆکوژی ڕابگەیێنن .

٦٥- عەلیڕەزا کاکامحەممەدی، لاوی خەڵکی هەرسین و دانیشتووی شاری کەرەج، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. بەوتەی سەرچاوەکانی هەنگاو هێزەکانی حکوومەت ناوبراویان بەبریندارى داوەتە بەر لێدان و کوتان .

**١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

٦٦- نەسرین قادری، هاووڵاتیی تەمەن ٣٨ساڵ و خەڵکی مەریوان و دانیشتووی تاران، لە کاتێکدا بەهۆی نارەزایەتی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی چەند پۆستێک لە دژی کوژرانی ژینا ئەمینی و نیکا شاکەرەمی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی لێدانی باتۆم لەسەری لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە ماڵەکەی خۆیدا بەسەختی بریندارکرابوو. دوای گواستنەوەی ناوبراو بۆ یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوەندە حکوومەتییەکان باوکی ناوبراویان ناچارکرد کە لە بەرانبەر کامێرادا هۆکاری مردنی کچەکەی بە نەخۆشی ڕابگەیێنێت کە دواتر براکەی لەسەر گۆڕی نەسرین ڕایگەیاند کە باوکی ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ کراوە.

٦٧- عەلیڕەزا کەریمی، لاوی تەمەن ٢٠ ساڵ، خەڵکی شاباد و خوێندکاری بەشی مایکرۆبایۆلۆژی زانکۆی ئازادی ئەراک، بەهۆی لێدرانی باتۆم لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لەسەری، تووشی جەڵتەی مێشک بوو و گیانی لەدەست دا.

٦٨- فایەق مام قادری، هاووڵاتیی تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی مەهاباد کە لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ٢٠ی ڕەزبەر لەم شارە و لە نزیک گۆڕەپانی ئیستقلال، کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت و شەش گوللە بەر سەر، ورگ و دەستی ناوبراو کەوتبوو، کەدوای یەک مانگ خەواندنی لە نەخۆشخانەی خومەینی لە شاری ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

٦٩- ئەردەڵان قاسمی، هاووڵاتیی تەمەن ٤٤ ساڵ و خەڵکی شاباد، لە کاتی نووسینی دروشم لەسەر دیوار هکانی جووتسایدی تاق بوستانی کرماشان، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بەسەختی برینداراکرا و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی تالقانی گیانی لەدەست دا. ناوبراو ٣ گوللە بەر ورگ و شانی کەتبوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

٧٠- **سامان ڕەحمانی**، لاوی تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی تیکاب لە کاتی نووسینی دروشم لە قەڵای حەسەن خان (شەقامی قودس) لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە کاتی دەستبەسەرکرانیدا درابووە بەر لێدان و کوتان. ناوبراو بەهۆی لێدرانی باتۆم لەسەری گیانی لەدەست دابوو.

٧١- **هێمن حەمزە**، لاوی تەمەن ٣٠ ساڵ کە لە هێرشی هێزەکانی حکوومەت بۆ سەر گوندی بیوەران بەتەقەی ڕاستەوخۆی ئەم هێزانە کوژرا. ناوبراو خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بوو. گوللە بەر سینگی ناوبراو کەوتبوو.

**٢٤ی خەزەڵوەریج ٢٧٢٢ (١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

٧٢- **فواد محەممەدی**، هاووڵاتیی تەمەن ٣٨ ساڵ و خەڵکی گوندی ماویان سەر بە شاری کامێران، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بەسەختی بریندارکرا و دوای گواسترانەوەی بۆ نەخۆشخانەی سینا بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو بەچەکی کلاشینکۆف تەقەی لێکرابوو. ئەم هاووڵاتییە خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بوو.

٧٣- **زانیار نەڵلاموارەدی**، لاوی تەمەن ٢٦ ساڵ و خەڵکی سنە، لە گەڕەکی کانی کوزەڵەی ئەم شارە، لە مەودایەکی نزیکەوە بە چەکی ساچمەیی کرایە ئامانجی هێزەکانی حکوومەت و دوای گواستنەوەی ناوبراو بۆ نەخۆشخانە بەهۆی خوێنبەربوونی هەنگاو گیانی لەدەست دا. زیاتر لە ١٠٠ ساچمە بەر جەستەیی ئەم لاوە کەوتبوو. زانیار پێشتر دەستێکی بەهۆی کارەباوە لەدەست دابوو.

٧٤- **عیسا بیگڵەری**، هاووڵاتیی تەمەن ٣٩ ساڵ و خەڵکی گوندی "نسار" سەر بە سەوڵاو و دانیشتووی سنە، لەبەردەم زانکۆی کوردستان بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بە سەختی بریندارکرا و دوای گواسترانەوەی بۆ نەخۆشخانەی تەوحید گیانی لەدەست دا. ناوبراو بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لێکرابوو و ٢ گوللە بەر کەمەری کەوتبوو. عیسا بیگڵەری خێزاندار و باوکی سێ منداڵ بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**-٧٥ سامان قادر بەیگی**، لاوی خەڵکی بۆکان، لە گەڕەکی میرزایی بۆکان بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ئەم هێزانە تەرمەکەیان لە بۆکانەوە بۆ ئورمیە گواستبووەوە. شیاوی ئاماژەپێدانە کە ناوەندە حکوومەتییەکان گوشاریان بۆسەر بنەماڵەکەی دروستکردبوو کە هۆکاری مردنی کوڕەکەیان بە خۆکوژی ڕابگەیێنن.

**٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**-٧٦ دانیال پابەندی**، مێرمنداڵی تەمەن ١٧ ساڵ و خەڵکی شاری سەقز، لە گەڕەکی کەریم ئاوای ئەم شارە لە مەودایەکی نزیکەوە لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە تەقەی لێکرا و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. ئەم مێرمنداڵە بەشی ورگی کرابووە ئامانج، بەشێوەیەک کە بەشێک لە ئەندامانی ناوەوەی ورگی لە شوێنی پێکرانی بەجێمابوو.

**-٧٧ بورهان کەرەمی**، لاوی تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی گوندی چرۆسانە سەر بە کامێران، لە گەڕەکی "زەڕنە"ی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو بەشی سەر و ملی کرابووە ئامانج و بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لێکرابوو. بورهان کەرەمی خێزاندار و باوکی منداڵێک بوو.

**-٧٨ سالار موجاور**، لاوی تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی بۆکان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە گەڕەکی میراوا کەوتە بەر دەسرێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و گیانی لەدەست دا. ناوبراو کە دەرچووی بەشی ئەندازیاری بوو، گوللە بەر سەری کەوتبوو.

**-٧٩ ئەسعەد ڕەحیمی**، لاوی تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی بۆکان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا.

**-٨٠ محەممەد حەسەن زادە**، لاوی تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی بۆکان لە باخی قازی ئەم شارە لە کاتێکدا کە دەیویست کچێکی ڕفێندراو لەدەستی هێزە سەرکوتکارەکان ڕزگار بکات، لەلایەن ئەم هێزانەوە درایە بەر چەقۆ و بەهۆی پێکرانی سینگ و دڵی بە چەقۆ گیانی لەدەست دا.

**-٨١ شاهۆ بەهمەنی**، لاوی خەڵکی دیواندەرە و دانیشتووی شاری سنە، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی ٤ کەس لە گیانبەختکردووانی بەرخۆدانی جەماوەریی سنە لە نزیک پردی قشلاق کەوتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حکوومەت و کوژرا. تەرمی ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری ئەم شارە گواسترایەوە.

٨٢- **نارام حەبیبی،** لاوی تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی سنە، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی ٤ کەس لە گیانبەختکردووانی بەرخۆدانی جەماوەریی سنە لە نزیک پردی قشلاق کەوتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و کوژرا. تەرمی ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری ئەم شارە گواسترایەوە.

٨٣- **فەرهاد خوسرەوی،** لاوی تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی کرماشان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری سنە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا و تەرمەکەی بۆ نەخۆشخانەی کەوسەر گواسترایەوە. دوای یەک حەوتوو تەرمی ناوبراو ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.

**٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

٨٤- **عەبدولڕەحمن بەختیاری،** هاووڵاتیی تەمەن ٦٦ ساڵ و خەڵکی سەقز، لە شەقامی سەعدی و لەبەرانبەر ماڵەکەی، لە کاتێکدا لەناو ئۆتۆمبێلەکەید بووە، کەوتە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و گیانی لەدەست دا. ناوبراو ٢ گوللەی بەرکەوتبوو.

٨٥- **هەژار مام خوسرەوی،** لاوی تەمەن ٢٠ ساڵ و خەڵکی بۆکان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران بەسەختی بریندارکرا و دوای گواسترانەوەی بۆ نەخۆشخانەی قولی پور بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

٨٦- **ئەمجەد عەنایەتی،** لاوی تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی بۆکان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا.

٨٧- **هیوا جان جان،** لاوی تەمەن ٣٢ ساڵی خەڵکی بۆکان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا.

٨٨- **موستەفا شەعبانی،** هاووڵاتیی خەڵکی بۆکان، لە شەقامی سەردار عەزیز خان موکری ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. شیاوی ئاماژە پێدانە کە هێزەکانی حکوومەت بۆ ڕێگری کردن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پرسەی ناوبراو، کەوسەر و کامیل شەعبانی خوشک و برای ناوبراویان دەستبەسەرکردبوو.

**٨٩- ئومێد حەسەنی**، لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ، گوندی پایگەلان و دانیشتووی شاری سنە، لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی ٤ کەس لە گیانبەختکردووانی بەرخۆدانی شاری سنە، لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە ڕفێندرا و دوای چەند کاتژمێرێک لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. نزیکانی ناوبراو هەبوونی ئاسەواری ئەشکەنجە لە سەر و ملی ناوبراویان پشت ڕاستکردەوە.

**٩٠- ئازاد حوسێن پوور**، هاووڵاتیی خەڵکی مەهاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لەپشتەوە کەوتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. ناوبراو پزیشکی ددان بوو.

**٩١- ئاسۆ قادری**، لاوی خەڵکی ڕەبەت سەر بە شاری سەردەشت، لە شاری بانە، لە کاتێکدا لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا بوو لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە تەقەی لێکرا و گیانی لەدەست دا. ناوبراو بەهۆی پێکرانی بە سێ گوللە (٢ لە سەری و ١ لەشانی) ڕاستەوخۆ گیانی لە دەست دا. تەرمی ئەم لاوە لەشەودا و بەنهێنی لە ژێر گوشاری ناوەندە ئەمنییەکاندا ئەسپەردە کرا.

**٩٢- غەفور مەولوودی**، هاووڵاتیی تەمەن ٦٥ ساڵ و خەڵکی بۆکان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو خێزاندار و باوکی٣ منداڵ بوو.

**٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**٩٣- محەممەد ئەحمەد گاگش**، هاووڵاتیی تەمەن ٤٣ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە کاتێکدا کە لەسەر سەربانی ماڵەکەی خۆی ڕاوەستابوو، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت سەری پێکرا و گیانی لەدەست دا.

**٩٤- ئەمیر فەراسەتی شاد**، هاووڵاتیی خەڵکی پیرانشار، لە گەڕەکی کەمەربەندی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**٩٥- میلاد مەعرووفی؛** لاوی تەمەن ٢٣ ساڵ، یاریزانی ئەسپ سواری و خەڵکی بۆکان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شەوی پێنجشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر کەوتە بەرتەقەی هێزەکانی حکوومەت و لە بەشی سەری بەسەختی بریندراربوو. بەهۆی سەختی برینەکانییەوە لە نەخۆشخانەی قولی پوور لە شاری بۆکان گیانی لەدەست دا.

**٩٦- سەید کەماڵ ئەحمەدپوور؛** هاووڵاتیی تەمەن ٣٤ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە شەقامی مەنبەعی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بەسەختی برینداركرا و لەکاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی خومەینی ئەم شارە، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو و خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بوو.

**٩٧- مێهران ڕەحمانی؛** هاووڵاتیی خەڵکی مەهاباد کە لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی پێنجشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر لە گەڕەکی بەری شیلان لەئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بریندارکرابوو، لە نەخۆشخانەی خومەینی لە ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

**٩٨- شەهریار محەممەدی؛** لاوی خەڵکی بۆکان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.

**٩٩- سەعدی شاهرۆخی فەر؛** لاوی تەمەن ٣٥ ساڵی خەڵکی بۆکان، لە چوارڕێیانی "ئیمام جومعە" و لەکاتێکدا بۆماڵەوە دەگەڕاوە، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژرا و تەرمەکەی لەلایەن ئەم هێزانەوە دزرا.

**٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**١٠٠- فواد سەواری؛** هاووڵاتیی خەڵکی دیواندەرە، لە شەقامی ١٦ مەتری ئەم شارە سەر و سینگی بەچەکی ساچمەیی لەلایەن هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەتەوە کرایە ئامانج و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

**١٠١- حەبیبوڵلا فەتحی؛** هاووڵاتیی تەمەن ٦٢ ساڵ و خەڵکی دیواندەرە لە شەقامی ١٦ مەتری ئەم شارە لە ئەنجامی دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت سەری پێکرا و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. بەهۆی گوشار و ڕێگری ناوەندە حکوومەتییەکان تەرمی ناوبراو بەبێ وەفاتنامە ئەسپەردە کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**١٠٢- حوسێن عەبدپەنا،** هاووڵاتیی تەمەن نزیک بە ٧٠ ساڵی خەڵکی سنە، لە گەڕەکی بەهارانی ئەم شارە و لەبەردەرگای ماڵەکەی بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەتەوە کوژرا.

**٢٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**١٠٣- عیرفان کاکایی،** هاووڵاتیی تەمەن ٥٠ ساڵی خەڵکی جوانڕۆ، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە شەقامی شاهۆردی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو مامۆستای وانەی وەرزشی قۆناغی ئامادەیی بوو و گوللە بەر ورگی کەوتبوو.

**١٠٤- بەهادین وەیسی،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی جوانڕۆ، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. هەمان شەو نەجمەلدین وەیسی برا گەورەی ناوبراو بەبرینداری لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە ڕفێندرا، کە دواتر لە ژێر گوشاری ناوەندە حکوومەتییەکان ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ لە دژی خۆی کرا.

**١٠٥- سولەیمان شەکەری،** لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی بۆکان کە لە ڕەوتی جەماوەری ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لە شەقامی عەلی ئاوای ئەم شارە کەوتە بەرتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت و سەر و ملی بە چەکی ساچمەیی پێکرا، دوای سێ ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی خومەینی لە شاری ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. بنەماڵەی ناوبراو بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی کوڕەکەیان بڕی ٩٠ ملیۆنیان بە ناوەندە حکوومەتییەکان دابوو.

**١٠٦- موحسین نیازی،** لاوی شاخەوان، تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی دیولان، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە، لەئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت ورگی پێکرا و بە سەختی بریندارببوو. دوای گواستنەوەی ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری شاری سنە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

**١٠٧- جەلال قوربانی،** هاووڵاتیی تەمەن ٥٠ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، لەکاتی گواستنەوەی تەرمی کاروان قادر شوکری، تەمەن ١٦ ساڵی کوژراو بۆ مزگەوتی شیناوێ، کەوتە بەر دەستدرێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کە سکی پێکرا و گیانی لەدەست دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**١٠٨- تاهیر عەزیزی،** هاووڵاتیی تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بوو.

**١٠٩- کاروان قادر شوکری،** مێرمنداڵی تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، کە شەوی شەممە ٢٨ی خەزەڵوەر لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت بریندارکرابوو، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

**٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**١١٠- جەوهەر فەتحی،** دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی دوو کەس لە گیانبەختکردوانی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری جوانڕۆ، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران (سوپای نەبی ئەکرەمی کرماشان) لە شەقامی بێهداری جوانڕۆ کوژرا. هێزەکانی سوپا لەو ڕۆژەدا کەڵکیان لە چەکی ژێ سێ و دۆشکە وەرگرتبوو.

**١١١- تەحسین میری،** کۆڵبەری خەڵکی جوانڕۆ، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی دوو کەس لە گیانبەختکردوانی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری جوانڕۆ، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران (سوپای نەبی ئەکرەمی کرماشان) لە شەقامی بەهداری جوانڕۆ کوژرا. ئەم هێزانە سەری ناوبراویان کردبووە ئامانج. هێزەکانی سوپا لەو ڕۆژەدا کەڵکیان لە چەکی ژێ سێ و دۆشکە وەرگرتبوو.

**١١٢- جەماڵ عەزیمی،** هاووڵاتیی خەڵکی جوانڕۆ، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی دوو کەس لە گیانبەختکردوانی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری جوانڕۆ، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای سوپای نەبی ئەکرەمی کرماشان لە شەقامی بەهداری جوانڕۆ کوژرا. ناوبراو لە کاتێکدا لەلایەن ئەم هێزانەوە تەقەی لێکرابوو و بە ٢ گوللە پێکرابوو کە بۆ یارمەتیدانی تەحسین میری گەڕابووەوە دواوە. هێزەکانی سوپا لەو ڕۆژەدا کەڵکیان لە چەکی ژێ سێ و دۆشکە وەرگرتبوو.

**١١٣- ئیسماعیل گوڵ عەنبەر،** هاووڵاتیی خەڵکی جوانڕۆ، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی تەرمی دوو کەس لە گیانبەختکردوانی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری جوانڕۆ، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای نەبی ئەکرەمی کرماشان) لە شەقامی بێهداری جوانڕۆ کوژرا. هێزەکانی سوپا لەو ڕۆژەدا کەڵکیان لە چەکی ژێ سێ و دۆشکە وەرگرتبوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**١١٤- مەسعوود تەیمووری**، لاوی خەڵکی جوانرۆ، لە شەقامی بێهداری ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای نەبی ئەکرەمی کرماشان بەسەختی بریندارکرا و دوای گواستنەوەی بۆ ناوەندە دەرمانییەکان بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. مەحموود تەیموری باوکی ناوبراو هەمان کات بریندارکرابوو و بەهۆی ناجێگیربوونی تەندروستییەوە دوای یەک مانگ هەواڵی مردنی کوڕەکەیان پێ ڕاگەیاندبوو.

**١١٥- کوروش پاژخ**، لاوی خەڵکی شاباد، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی شاری کرماشان لە گەڕەکی ئەلهیە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو لە پەیڕەوانی ئایینی یارسان بوو.

**١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**١١٥- ڕێباز ساڵحی وەند**، لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لە نزیک گوندی حاجی مامیانی ئەم شارە لەکاتێکدا کە خەریکی ماتۆڕ سوای بووە، بە چەکی ساچمەیی ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە تەقەی لێکراو و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

**٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**

**١١٧- هێمن نەمان**، لاوی تەمەن ٢٦ ساڵ و خەڵکی بۆکان کە ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەر بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکومەت بریندارکرابوو و دواتر ڕفێندرابوو، لە ژێر ئەشکەنجەی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئورمیە گیانی لەدەست دا.

**٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

**١١٨- شەماڵ خدیری پوور**، لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی مەهاباد، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە لە نەخۆشخانەی خومەینی شاری ئورمیە گیانی لەدەست دا. ناوبراو ڕۆژی هەینی ٢٧ی خەزەڵوەر و دوای ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی ئازاد حوسێن پوور لە گۆڕەپانی ئیستقلال لە شاری مەهاباد، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران، ورگ و سینگی پێکرابوو.

**١١٩- جەبار فەرقی زادە**، هاووڵاتیی تەمەن ٣٦ ساڵ و خەڵکی مەریوان، کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە کاتی ڕۆشتنی بۆ گوندی زێدەکەی "ئاسن ئاوا" لە کاتێکدا لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا بوو، لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە بە ٢ گوللە سەری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کرایە ئامانج و ڕاستەوخۆ گیانی لەدەست دا.

**٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)**

١٢٠- **شۆڕش نیکنام**، هاووڵاتیی تەمەن ٣٦ ساڵ و خەڵکی مەهاباد دوای چوار ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی "سەید شەهۆدا" لە ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر لە گەڕەکی "بەری شیلانان" بەهۆی دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران گوللە بەر ورگ و سینگی کەوتبوو.

١٢١- **ڕەزا کازمی**، لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی گوندی موژژ سەر بە کامێران، دوای ٦ ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی کەوسەر لە شاری سنە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو ڕۆژی یەکی سەرماوەز بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران بەشی سینگ و ورگی پێکرا. پێشتر هەنگاو ڕایگەیاندبوو کە ناوبراو تەمەنی ١٦ ساڵە، بەڵام دوای بەدواداچوونەکانی هەنگاو بۆی دەرکەوت کە ناوبراو تەمەنی ٢٢ ساڵ بووە.

**٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٢٩ی نۆڤامبری ٢٠٢٢)**

١٢٢- **ئیبراهیم شەریفی**، لاوی تەمەن ٢٩ ساڵ و خەڵکی بۆکان لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران سینگی پێکرا و دوای ١٣ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی "سەید شۆهەدا"ی شاری ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

**٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٣٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٢)**

١٢٣- **ناوات قادرپوور**، لاوی تەمەن ٢٠ ساڵ و خەڵکی بۆکان دوای ١٢ ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی عارفیان لە شاری ئورمیە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.
ناوبراو ڕۆژی هەینی ٢٧ی خەزەڵوەر لە گوندی ناچیت لەکاتێکدا کە لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا بوو لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە درایە بەر دەستڕێژ.

١٢٤- **فەرزین مەعرووفی**، لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ، خەڵکی مەهاباد و دانیشتووی شاری تاران، دوای دۆڕانی تیمی هەڵبژاردەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێران بەرانبەر بە ئامریکا بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی هاتبووە سەر شەقام، بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. ناوەندە حکوومەتییەکان ئیزنیان بە گەڕاندنەوەی تەرمی ناوبراو بۆ مەهاباد نەدا.

١٢٥- **ئیحسان قاسمی**، هاووڵاتیی تەمەن ٣٢ ساڵ، خەڵکی کەنگاڤەر و دانیشتووی کەرەج، لە ڕەوتی خۆشی و شادی دەربڕینی خەڵک بەبۆنەی دۆڕانی تیمی هەڵبژاردەی ئێران بەرانبەر ئامریکا لە مۆندیالی قەتەر، لە گەڕەکی سراسیابی کەرەج بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت کوژرا. ناوبراو پاڵەوانی یاری لەشجوانی بوو و بەشداری لە ڤستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا کردبوو.

**١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٦ی دیسەمبەری ٢٠٢٢)**

١٢٦- **سپێهر نەعزەمی**، لاوی تەمەن ٢٤ ساڵ، پارسان و خەڵکی شاری سەحنە کە لە ڕێوڕەسمی چلەی حەدیس نەجەفی لە شاری کەرەج بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بریندارکرابوو، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو گوللە بەر بەشی چەپی سینگی نزیک لە دڵی کەوتبوو.

**١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٧ی دیسەمبەری ٢٠٢٢)**

١٢٧- **هوومەن عەبدوڵڵاهی**، لاوی تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی شاری سنە، لە ڕەوتی بەرخۆدانی جەماوەریی ئەم شارە لە گەڕەکی حەسەن ئاوا بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت بریندارکرا و دوای گواسترانەوەی بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری ئەم شارە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. ناوبراو گوللە بەر سینگی کەوتبوو.

١٢٨- **مەتین نەسری**، لاوی تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی شاری سنە کە خزمەتی سەربازی زۆرەملێی تێدەپەڕاند، بەهۆکاری سەرپێچی کردن لە فەرمانی فەرماندەکەی بۆ بەشداریکردن لە سەرکوتی بەرخۆدانی جەماوەریی بەشێوەیەکی گوماناوی کوژرا.

**١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٢)**

١٢٩- **شادمان ئەحمەدی**، لاوی تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی دیولان چەند کاتژمێرێک دوای ڕفاندنی لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانەوە، لە پۆلیسخانەی ئەم شارە لەژێر ئەشکەنجەی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە پێی ڤیدیۆییەک کە هەنگاو بڵاوی کردبووەوە، ئاسەواری لێدان و شینبوونەوە لەسەر سەر، مل و سینگی ناوبراو بە ڕوونی دەرکەوتبوو.

۱۳۰- **شەهریار عادڵی**؛ لاوی تەمەن ۲۵ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، کە لە کاتی خۆشحاڵی دەربڕینی خەڵک بەبۆنەی دۆڕانی تیمی هەڵبژاردەی ئێران بەرانبەر بە ئامریکا لە مۆندیالی قەتەر، لە ڕێکەوتی ۹ی سەرماوەز دەستبەسەرکرابوو و دوای چەند ڕۆژ لە کاتێکدا بەتوندی ئەشکەنجەکرابوو، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

**۲۸ی سەرماوەزی ۲۷۲۲ (۱۹ی دیسەمبەری ۲۰۲۲)**

۱۳۱- **محەممەد حاجی ڕەسوڵ پوور**؛ تەمەن ۵۷ ساڵ، بەندکراوی پێشووی سیاسیی و خەڵکی بۆکان، دوای کەوتنە کۆمای بەهۆی ئەشکەنجە کرانی لە دەستبەسەرگە ئەمنییەکاندا و پێنج ڕۆژ مانەوەی لەبەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانەی "قولی پوور"ی بۆکان، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا. هەنگاو زانیویەتی کە ناوەندە ئەمنییەکان بۆ ماوەی سێ حەوتوو ئاویان بە ناوبراو نەدابوو و بەم هۆیەوە کەوتبووە کۆما.

**۱۰ی بەفرانباری ۲۷۲۲ (۳۱ی دێسەمبەری ۲۰۲۲)**

۱۳۲- **بورهان نەلیاسی**؛ لاوی تەمەن ۲۲ ساڵ و خەڵکی جوانڕۆ، لە ڕێوڕەسمی چلەی گیانبەختکردوانی ئەم شارە بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەت شانی پێکرا و برینداربوو. دوای گواستنەوەی ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی "ڕەسول ئەکرەم" بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

**۱۷ی بەفرانباری ۲۷۲۲ (۷ی جانێوێری ۲۰۲۳)**

۱۳۳- **محەممەد مەهدی کەرەمی**؛ لاوی تەمەن ۲۲ ساڵ و خەڵکی کەرەج کەدوای ڕێوڕەسمی چلەی حەدیس نەجەفی لەم شارە دەستبەسەرکرابوو و دوای ماوەیەک لەلایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سزای سێدارەی بەسەردا سەپێندربوو، سزاکەی لەگەڵ هاووڵاتییەکی دیکە بەناوی سەید محەممەد حوسێنی لە کەرەج جێبەجێکرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ = ١٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣)**

**١٣٤- موختار فەتحی، لاوی تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی سەقز، بە گومانی دروشم نووسین لەلایەن هێزەکانی پۆلیسخانەی ١٢ لەنزیک ماڵی خۆیان و لە کاتێکدا لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا بوو، درایە بەر دەستڕێژ و کوژرا. ناوبراو خێزاندار بوو و هاوژینەکەی دووگیانە.**

**٢٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ = ١٧ی مارچی ٢٠٢٣**

**١٣٥- مەحیەدین ئیبراهیمی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شنۆ لە زیندانی ورمێ لە سێدارە درا. کۆماری ئیسلامی لە ڕادەستکردنەوەی تەرمی ناوبراو بە بنەماڵەکەی خۆی بوارد و مەحیەدین ئیبراهیمی لە شوێنێکی نادیاردا بە خاک سپێردرا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی مافی مرۆڤیی"هەنگاو – ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠٢٣**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com